



# لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی

«لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی» ناونیشانی کتێبێکی شیعری تازەی شاعیر (تەڵعەت تاهیر) ەو لە ماوەی پێشوودا گۆڤاری (ئاینده) چاپ و بڵاوی کردەوە، (د.سەروەر عەبدوڵڵا) پێشەکییەکی تێروتەسەلی بۆ نووسیوەو و تێیدا پێکهاتە و بونیادی تێکستەکانی شیکردوونەتەوە و بە قوڵی لە رەهەندی شاعیرێتیی ئەو شاعیرە دوواوە.

د.سەروەر لەبەشێکی پێشەکییەکەیدا سەبارەت بە تەڵعەت تاهیر دەڵێت: تەڵعەت ئەو شاعیرە بووە کە هەرگیز نەیدەویست پێ لە ئەسکەلەی شاعیرانی بەر لەخۆی، یان هاوڕۆژانی خۆی بنێت، بەهەمان ئەو ئەسکەلە ببپەڕێتەوە بەری ئەوبەر.

# ئەم شاعیرە
# ئەگەرچی لە فۆڕمدا سادە دەنووسێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەست بە قوڵاییەکی سەیر دەکرێت



شیعری تەڵعەت تاهیر لەپاش خۆی جۆرە ئارامییەک بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، ئارامی و دڵنیابوونێک لە شێوەی ئەو موسافیرەی کە بە کامی دڵ و ئارەزووی خۆی لە سەفەردایە و بەناو جوانی و شتە سەیرەکانی دنیادا دەگەڕێت و دواتر لە بەر تاڤگەیەکدا دەوەستێت و وردورد بیر لەو شتە بینراوانە دەکاتەوە

دواتر ئاماژە بە ئەزموونی ئەم شاعیرەمان دەکات و پێی وایە ئەزموونی تەڵعەت یەکێکە لەو ئەزموونە دیارانەی بەنێو سەختترین قۆناغی شیعری کوردیدا تێپەڕیوە، ئەم سەختییەش لەوەدا  خۆی گوزارشت دەکات، کە وا لەکاتێکدا شیعری کوردی لەسەرەتای نەوەدەکان هێشتا زۆری پێویست بوو لەکۆت و بەندی زمان و گوزارشتکردنی نالۆجیکیی زمانی شیعری دەربێت.

شیعری تەڵعەت هەمووی لەگەمەیەکی بازنەیی سەیر دەچێت، هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی تێکست خۆی ئاشکرا دەکات، خوێنەری ئاسایی وای بۆ دەچێت لە تێکستەکە حاڵی بووە، بەڵام هەر زوو لەم تێگەیشتنەی بێهودە دەبێ و دووبارە بە تێکستەکەدا دەچێتەوە  و شتی دیکەی لێ دەچنێتەوە.

کتێبی شیعری (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی) دە قەسیدەی شیعریی لەخۆگرتووە کە پێشتر ئەو قەسیدانەی لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاوکردوونەتەوە و خوێنەر بەریان کەوتووە، کەچی کاتێک لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەخوێنرێنەوە، هەر دەڵێی تازەکی نووسراون، چونکە سرووشی شیعری ئەم شاعیرە وەهایە، لەپاش هەر خوێندنەوەیەک خوێنەر بەر چێژ و ئاستێکی دیکە لە مانا و جوانیی شیعری دەکەوێت. شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە بریتین لە (رۆژێ لە رۆژان دەبم بە خۆم، لەبەر ئاوازێ نایەوێ ببێتە گۆرانی، بە بۆنەی چۆلەکەیەک بەسەر شانی داهۆڵەوە، ئەگەر لەوێیت دێم، سروودێکی دیکەی سوولەیمان، تۆ و بەس تۆو .. تاد، پایزی زەعیم، لەبەردەم سێوەکەی بۆدلێردا، ساتێک پێش هاتنی ڤەرجیل، هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت).

دنیای شیعری تەڵعەت، دنیایەکی روون و بێ گرێ و دژوارییە، ئەو لە دەربڕینی شیعریدا سادەیە و تەنانەت لەسەر ئاستی زمانیش گرنگیی بەو هێڵە سادەییە داوە کە ئەمڕۆ لە دنیادا زۆرێک لەداهێنەرانی کایەی شیعری پێی دەنووسن، ئەم سادەییە لەڕەهەندێکەوە پەیوەستە بەو دنیابینییە شیعرییەوە کە شاعیر هەیەتی بۆ شیعر و ژیان و مرۆڤ، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەو فەردانیەتە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لەناو فەوزای ژیان و قەرەباڵغیی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ژیاندا بۆ خۆی بەدەستهێناوە. ئەم شاعیرە ئەگەرچی لەفۆڕمدا سادە دەنووسێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەست بە قوڵاییەکی سەیر دەکرێت، بەتایبەت لەسەر ئاستی خەیاڵ و چێکردنی وێنە شیعرییەکان و درووستکردنی مانا و دەلالاتی نوێ لەناو تێکستدا، مرۆڤ کاتێک شیعری ئەم شاعیرە دەخوێنێتەوە، بەر ئەو دوالیزمییەتە دەکەوێت کە مرۆڤ و ژیان دروستیان کردووە:

رۆژێ دادێ
تەیرێك لەسەر شانم دەنیشێتەوە و دەبم بە پاشا
بڕیار دەردەکەم بەقژی منداڵ بڵێن: گوڵەگەنم!
مامز دەکەمە مامانی شاعیر
دنیا جوان دەکەم.

شیعری تەڵعەت تاهیر لەپاش خۆی جۆرە ئارامییەک بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، ئارامی و دڵنیابوونێک لەشێوەی ئەو موسافیرەی کە بەکامی دڵ و ئارەزووی خۆی لەسەفەردایە و بەناو جوانی و شتە سەیرەکانی دنیادا دەگەڕێت و دواتر لە بەر تاڤگەیەکدا دەوەستێت و وردورد بیر لەو شتە بینراوانە دەکاتەوە کە لەسەفەرەکەیدا بەریان



کەوتووە و چێژیان پێ بەخشیوە، ئەم متمانەیەش هەروا لەخۆڕا بەدەست نەهاتووە، بەڵکو بەرەنجامی خەیاڵی قووڵ و بینینی جیاواز و ئەو باکگراوندە رۆشنبیری و مەعریفییەیە کە شاعیر هەیەتی، چونکی لەیادمان نەچێت تەڵعەت جگە لەوەی شاعیرێکی جددی و کاریگەرە، هاوکات نووسەرێکی رۆشنبیر و بەئاگاشە و بەباشی ئاگاداری کایەی مەعریفی و ئەدەبی سەردەمەکەی خۆی و بەر لەخۆیەتی.

بۆنی خۆڵی دوای یەکەم بارانی پایز..
بەو بۆنە چیم بیردێتەوە؟
ئەو ساتانەی سەرم بە ڕانی داپیرەم دەکرد و
ئەویش بۆ ئەو مردووانە دەنوزایەوە
کە دنیایان یەکسان کردبوو بە یادەوەری.

نۆستالژیا وەک حاڵەتێک پانتاییەکی فراوانی لە فکرو دنیابینیی ئەم شاعیرەدا وەک زۆربەی شاعیرەکانی دیکەی کورد داگیرکردووە، ئەو لەیەک ساتدا بیری خۆی و هەموو شتە لەدەستچووەکانی دەکات، لەیەک ساتدا گومانی لەخۆی و ئێستاو رابردوو هەیە، ئەو پرسیاری لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە هەیە کە فەردانییەت دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەم شاعیرە سەرباری حاڵەتە زاتی و دەروونییەکانیشی، لەخەونبینین ناکەوێت بە دنیایەکی جوانترەوە، وەک چۆن بەردەوام لە جەنگی ناشۆینیەکانیشدایە.

رۆژێ لە رۆژان خۆم بە گرینگ دەزانم
دەنووسم: بزنە کێوی و دەیخەمە ناو دوو کەوانە
لە شێوەی باپیرانم بەدەوریدا هەڵدەپەڕم
بەگەڵایەک بۆ عەورەتم واز دێنم
چڵە زەیتوونەکان دەشارمەوە و
لە کۆتر دەپرسم: تۆفان لە کام لایە؟